سەنتەری پیرسۆن




## PTE Academicچیە؟

تاقیکردنەوەیەکی جیهانی پێشکەوتووە بۆ مەبەستی خوێندن و پەنابەری لە دەرەوە، کە لە ڕێگەی کۆمپیتەرەوە ئەنجام دەدرێت. لەلایەن هەزاران دامەزراوەی جیهانەوە باوەڕپێکراوە و حکومەتی ئوسترالیاش بۆ مەبەستی داواکردنی ڤیزا پشتڕاستی کردووەتەوە.

بۆ بینینی لیستی هەموو ئەو شوێنانەی کە ئەم تاقیکردنەوەیە پەسەند دەکەن، تکایە کلیك لە سەر ئەم لینکە بکە.

**خێرا:** لە ماوەی پێنج ڕۆژدا ئەنجامەکان وەردەگرییەوە

**گونجاو:** دەتوانی کاتی تاقیکردنەوەکەت ٢٤ کاتژمێر یان زیاتر بەر لە ئەنجامدانیی بگۆڕیت

**باوەڕپێکراو:** لەلایەن هەزاران زانکۆ و کۆلێژی جیهانیەوە باوەڕپێکراوە

**پەسەندکراو:** قوتابییان دەتوانن بۆ مەبەستی داواکردنی ڤیزا لە وڵاتی ئوسترالیا بەکارییبێنن

دەتوانیت لانی کەم پێش 24 کاتژمێر، کاتی تاقیکردنەکەت دیاری بکەیت. هەروەها دەتوانیت لە ماوەی پێنج ڕۆژدا ئەنجامەکەت وەرگریتەوە.
لەم ڕێبەرەدا چۆنییەتی خۆ تۆمارکردن و دیاری کردنی کاتی تاقیکردنەوەکە بە تێروتەسەلی باس کراوە.
دەتوانی ئێستا ناوی خۆت تۆمار بکەی بۆ تاقیکردنەوەی PTE Academic

## نرخ و کاتەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە:

نرخی تاقیکردنەوەکە لە عێراق و کوردستان **٢١٧دۆلارە**

ئەگەر نەتوانی لە ڕێگای کرێدیت کارتەوە پارەکە بدەیت، ئەوا دەتوانیت لە ڕێگەی بەڵگەی بەهادار(**voucher**)ەوە بیدەیت. کە لە سەنتەری تاقیکردنەوەکە، بەدەست دەکەون.

(ئەگەر کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر پێش تاقیکردنەوەکە کاتی تاقیکردنەوەکەت دیاری بکەیت، ئەوا نرخی تاقیکردنەوەکە بەرز دەبێتەوە بۆ **٢٧١ دۆلار**).

**کاتی تاقیکردنەوە:**

٨:٣٠ بەیانی – ١:٠٠ ی پاش نیوەڕۆ

سێ شەممە

**ئامادەکاری:**

بۆ ئەوەی هەلی سەرکەوتنت لە تاقیکردنەوەکەدا زیاتر بێت، ئەوا دەتوانی بۆ مەبەستی لێڕاهاتن و خۆ ئامادەکردن بۆ شێوازی تاقیکردنەوەکە، بە شێوەی (online) تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکاری ئەنجام بدەیت. ئەم تاقیکردنەوە وەکو تاقیکردنەوە راستەقینەکەیە: هەمان شێوازی هەیە، کاتەکەش تۆمار دەکرێت و هەمان ئەو جۆرە پرسیارانەش دێنەوە، کە لە تاقیکردنەوە راستەقینەکەدا دێنەوە. تاکە جیاوازی ئەم تاقیکردنەیە لەگەڵ راستەقینەکە ئەوەیە، کە ئەمەیان راستەقینە نیە. تەنانەت هەڵسەنگاندنیش بۆ تاقیکردنەوەکە دەکرێت و نمرەی بۆ دادەنرێت، تاکو توانای خۆت بزانیت، پێش ئەوەی تاقیکردنەوە راستەقینەکە ئەنجام بدەیت. هەروەها هەر لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانن چەند پەرتووکێکیش بکڕن بۆ باشتر کردنی توانای خۆتان. ئەم خزمەتگوزارییە بەردەوام لەبەر دەستە.


ناونیشانی سەنتەری تاقیکردنەوە:

زانکۆی سۆران<br>
کەمپی دێلزیان<br>
44008،سۆران، هەولێر<br>
هەرێمی کوردستان<br>
عێراق

*e-mail: pte-a@soran.edu.iq*

***بەڕیوەبەرانی سەنتەر:***

*یونس امین محمد: 07504724634 & 07824833355*

شەماڵ عبدالله عبدالله: 07824901252